سەرهەڵدانی ئەدەبی بەرگری لە چەند وڵاتێکی ئەورووپا

وەرگێرانی : ئازادی حەمەدەمین

ئەدەبی بەرگری :

ئەو ئەدەبە لەگەڵ پەیدابوونی چالاکیی و بزووتنەوەی بەرگیریانە لە وڵاتە داگیرکراوەکانی زێردەستەی تەوەرە (المحور) لە جەنگی جیهانی دووەمدا لە ساڵەکانی ١٩٣٩ – ١٩٤٥ دا بووژایەوەو گەشەی کرد . ئەدەبی بەرگری بریتییە لەو بەرهەمە هونەرییانەی کە لەگەڵ کاروانی خەباتی نیشتمانیی و نەتەوەییانە لەدژی داگیرکەراندا نووسراون . هەروەها بریتییە لەو بەرهەمە هونەرییانەی کە لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا لەژێر کاریگەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلاندا هاتوونەتە ئاراوە .

هەروەك ئەو هەموو نووسەرە شۆڕشگێڕانەی کە داگیرکەران لە وڵاتەکانی خۆیانیان دوور خستبوونەوە بەشدارییان لەو ئەدەبەدا کردووە .

داگیرکەرە ئەڵمانەکان بە شێوەیەکی زۆر بێبەزەییانە هەوڵیان داوە کە ئەدەب و کولتووری زۆر لەو وڵاتانە بشێوێنن و دەیانەویست بە جارێ کولتووری نەتەوایەتییان نەهێڵن . هەر لە ئەنجامی رەچاوکردنی ئەو سیاسەتە پڕتۆقاندنەدا زۆربەی نووسەرە شۆڕشگێڕەکان ناچاربوون بە نهێنیی ئیش بکەن هەروەك لە فەرەنسادا روویدا . . یان دەچوونە ریزی هێزی بەرگرییەوە هەروەك لە یۆگسلافیادا قەوماو تەنها چەند کەسێك مانەوە کە بەپێی بەرژەوەندی داگیرکەران دەجووڵانەوە «وەکو دریولا روشیل . . . سیلین لە فەرەنسا . . گامسون . . لە نەرویجدا» .

رواڵەتی جیاو بنەرەتی ئەدەبی بەرگری لە بەیەك گرێدان و کار لەیەك کردنی بابەتی رزگاریخوازی نیشتمانیی و نەتەوەیی لە لایەك و بابەتی کۆمەڵایەتییانە لە لایەکی ترەوە دیاریدەدا . ئەو ئەدەبە لە دۆخی راپەرین و بزووتنەوەو یاخی بووندا پێگەیشت ، هەر ئەو ئەدەبە ئاوێنەیەك بوو تیایدا دەنگ و ناڵەی گەلە زۆرلێکراوەکان و چالاکی خەباتگێڕانەی دژ بە فاشیزم دەنگی دەدایەوە . لە چوارچێوەی ئەو ئەدەبەدا پاڵەوانێکی نوێ لە دایك بوو کە نموونەی تێکۆشەرێکی قاڵبووی وورە پۆڵایین بێ و بەراستی شیاوی ئەو ژیانە تەماوی و پڕ کوێرەوەرییە بێ و کە هەرگیز چەرمەسەری و تاریکی نەتوانێ بیرووخێنێ . نموونەی ئەو پاڵەوانەش لە زۆربەی بەشەکانی ئەدەبیدا بەدەرکەوت کە شیعر لە پێشەوەی هەموویانەوە دێ و زۆر بەسۆزو لە ناخەوە ژانی نەتەوەی دەردەبڕی و دەنگی توورەیی گەلی لێ بەرز دەبوەوە .

هەروەها تراژیدیا لە ئەدەبی شانۆگەریدا بە دیارکەوت و لە مەیدانی پەخشانیشدا کورتە چیرۆك زۆر بڵاوبوەوە و چەندان نووسەر لە پێناوی ئەوەی کە عیبرەت لە رابووردووەوە بۆ دوارۆژ هەڵێنجن دەستیان بە نووسینی رۆمانی مێژوویی کرد . نامەی زۆر لەو شۆڕشگێڕانەی کە پەتی سێدارەیان لە مل دە کرا بوونە تۆمارێکی مێژوویی بۆ ئەو رۆژگارانەی کە هەرگیز لەبیر ناچنەوە . هەروەها هەموو ئەو نووسین و یادنامانەی گیراوە سیاسییەکان بەشێکن لەو ئەدەبە . ئەدەبی بەرگری لەسەر بنەرەتی نەریتی نیشتمانیی و نەتەوەییانەی چەسپاو سەقامگیر بوو . تراژیدیاو قارەمانێتیی وەکو بەشێك لە واقیعی ژیان بووە خۆراکی بەردەوامی ئەو ئەدەبە . هێزی بزووتنەوە خەڵکی بەرەو حەماسەتی نەتەوەیی و بەیت و باڵۆرەی میللییانە هەڵرووژاند . بەرەو هەموو ئەو شتانەی کە زۆربەی نووسەرەکانی ئەورووپای رۆژئاوا وونیان کردبوو . بێگومان لێرەوە شتێکی ئاساییە کە دەبێ بەرگری بەرەو ریالیزم هەنگاو بنێ و ببێتە ئەدەبێکی پێشکەوتوو و رەسەنی ، گۆڕینێکی خێرا لە داهێنانی ئەو نووسەرانەدا لەدژی فاشیزمدا بێتەدی ، بەتایبەتی ئەوانەی کە سەر بە جووڵانەوەی نوێکردنەوەی «مۆدێرنیزم» بوون . . (هەروەکو لە شیعری ئیتالیدا) ناوەرۆکی ئەو ئەدەبە پێشکەوتنی ژیانی ئەدەبی لە ساڵانی شەڕدا دەخستە روو . قۆناغێکی نوێی لە مێژووی ئەدەبی نەتەوەیی و جیهانیدا تۆمارکردوو بووە پاڵدەرێك بۆ پێشکەوتنی ئەدەبی ساڵانی دوایی جەنگی جیهانگیریی دووەم بەگشتی .

ف . س . نارکیریبر

ئیتالیا :

بزووتنەوەی (١٩٤٣ – ١٩٤٥) لە ئیتالیادا گیانێکی تازەی بە ئەدەبدا بەرادەیەك کە لە (دیکادنس)[1] و ئەو یاسایانەی کە بایەخ بە روخسار دەدەن داپچراندو دەستی بە دەربڕینی ریالیستانەی ژیانی گەل کردو پاڵەوانێکی نوێ لەدایك بوو کە بریتی بوو لە تێکۆشەری دژ بە فاشیزم کە هەموو سیفەتێکی نەتەوەییانەی هەڵگرتبوو ئەو بەرەوپێشەوە چوونە لە هەموو رەنگەکانی شێوەی بەرگریدا دەنگی دایەوە هەر لە فۆلکلۆرەوە . . «گۆرانی . . . بەیت و باڵۆرەی میللییانەی دژ بە فاشیزم» . تا دەگاتە رۆڵی دیاری شاعیرە گەورەکانی وەك ئۆنگاریتی ، مۆنتالی و سابادا . هەردوو شاعیریش . . گاتۆو کفازیتمۆدا توانیان بەسەر دابران و نامۆیی خۆیاندا زاڵ بن و ئەو رێبازە ئەدەبییەی کە لە ئیتالیادا تەشەنەی

کرد بوو و پیێی دەگوترا «ئەرمیتیزم»( ) بەجێ بهێڵن . گاتۆ کۆمەڵە شیعرێکی لەژێر ناوی «سەرێك لەسەر شەختەوە» داو کفاریتمۆدا کۆمەڵە شیعرێکی بە ناونیشانی «شوێنەوار لەناو دڵدا» بڵاوکردەوە . لەو دوو کۆمەڵە شیعرەدا وێنەی هونەری بەرزو بیروباوەری مرۆڤایەتی ی دژ بە فاشیزم بەئاشکرا دیارە . ئەو شیعرانە رۆڵی کاریگەری خۆیان لە تاودانی گیانی تێکۆشاندا بینی بەڵام سەبارەت بە پەخشانی هونەری ئەویش گرنگی بە بابەتی کۆمەڵایەتی ی دژ بە داگیرکەران‌و فاشیزم‌داو لەو بەرهەمانەی کە دەبێ دەستی بۆ درێژ بکرێ کتێبێکە ناوی «مەسیح لە ئەپۆلیدا . . راوەستا» وەکە لیفی (١٩٤٣   ١٩٤٤) نووسیویەتی ، هەروەها رۆمانی «زندوو» کە بروتولینی (١٩٤٥) نووسیویەتی .

بابەتی دژ بە فاشیزم بە شێوەیەکی چڕوپڕ لە چیرۆکی درێژی «چەند گفتوگۆیەك لە سیتسیلی‌دا» دەرکەوت کە فیتورێنی لە ساڵی ١٩٤١ دا بڵاوی کردۆتەوە .

هەروەها لە ریزی ئەو لاوە رۆشنبیرانەی کە لە کاروانی خەباتدا هاوبەش بیوون کۆمەڵێك لە نووسەری هاوچەرخ و ناسراو بەدیارکەوتن وەکو براتولینی . کالغینو . کاسولا . باسانی‌و هی‌تر ، ئەو شاعیرانە لە نێوان ئەو پێنج ساڵانەی کە دەکەوێتە پاش جەنگەوە لە بەرهەمەکانیاندا بە بزوتنەوەیان هەڵدەگوت‌و وێنەی تێکۆشانی قارەمانانەی گەلیان دەکێشا . بیروباوەری بەرگری بووە پشتیوانێکی بەهێز بۆ گەشەکردنی ئەدەبی ئیتالیای هاوچەرخ‌و ئەوە پێش هەموو شتێك لە لەدایك‌بوونی (ریالیستی نوێ) لە هونەرەوە رەنگی دایەوە .

مز . م . پۆتاپۆڤا

بەلجیکا :

سان ڤاکاوت ، برات . تیری ، کورینلیوس و – چەندان نووسەری تر لەبزووتنەوەی بەلجیکادا بەشداریان کرد . دەنگی رق‌و نارەزایی لەدژی شاڵاوی نازی پێش هەمووشتێك لەو شیعرانەدا دەنگی دایەوە کە بە فەرەنسی نووسرابوون و بەناوبانگترین پارچە شیعری ئەو مەیدانە شیعری ل . ئەندریە بوو بەناوی «سەربردەیەکی فیداکارانە» کە رق‌و توورەییەکی توندی بەرامبەر بە داگیرکەرەکان دەردەبری . هەروەها شیعرەکانی بلێك دەنگ‌و ناوێکی زۆریان لەو وەختەدا پەیداکرد کە پڕبوون لە باوەرهێنان بە گەل‌و تواناکەی لە وەدی‌هێنانی سەربەستی . «هێزە داگیرکەرەکان ئەو شاعیرەیان لە ساڵی ١٩٤١ دا گرت‌و لە ساڵی ١٩٤٥ دا کوشتیان هەروەك لە ساڵی ١٩٤٤ لە گرتووخانەی فولفتیبوتیل‌دا کچە پاڵەوان‌و شاعیرەکەی بەلجیکا «مارگاریتا بێرفیت» یان لە سێدارەدا . دیسانەوە لە ساڵی ١٩٤٥ نووسەرو رۆژنامەنووس غ . ف ئەنیکار . . سەرنووسەری رۆژنامەی نهێنی (دەنگی بەلجیکا)یان لە ئۆرمگای بیلیترین‌دا کوشت .

ف . س . نارکیریر

بولگاریا :

ئەدەبی بەرگری بولگاری لە ساڵانی (١٩٤١ – ١٩٤٤) دا پێ‌گەیشت‌و بە شێوەیەکی نهێنی بڵاوبووەوە . ئەو ئەدەبە دەنگی شۆرشگێرەکانی ناوبزووتنەوەی بەرگری بولگاریا بوو لەناو گیراوە سیاسی‌یەکان‌و جەماوەری گەل‌دا بە شێوەیەکی گشتی تەشەنەی دەکرد . لە ئەدەبی بەرگری بولگاریادا ئەو بابەت‌و هۆنراوانە زۆر برەویان سەند کە گیانێکی پیرۆزیان بە خەباتی رزگاریخوازانەی دژی داگیرکەرو نۆکەرەکانیان‌دا لە ناوەوەی وڵاتدا «بافلۆف»ی رەخنە گرو «کۆلیاکۆف»ی سەر نووسەری رۆژنامەی نهێنی (باتریوت) لە رێکخستنی نووسەرەکانی بولگاریا رۆڵی دیاریان هەبوو . پاڵەوانی ئەو شیعرانەی کە فابتاروف‌و ئاسایینی دەیان‌نووسی بریتی بوو لە (خەباتگێر لە پێناوی سەربەخۆیی‌دا) بەڵام ئەو شاعیرانەی کە شان بەشانی چەکدارەکانی هێزی بزووتنەوە شەریان دەکرد وەکو (کیریباگیف‌و سەباسۆف) بە (سوپای تۆڵە سەندنەوەی گەل) یان هەڵدەگوت . (فۆدۆ نیگارسکی) لە چیرۆك‌و بابەتە تۆمارەکانیدا باسی ژیانی گیراوەکانی ئۆردوگاو بەندیخانەکانی دەکرد . هەندێ شاعیریش‌چەند کۆمەڵە شیعرێکیان بڵاوکردەوە لەو شیعرانەی کە خۆیان لەو کاتەدا کۆیان کردبوونەوە وەکو کۆمەڵە شیعرەکەی رادیفسکی بە ناوی «کاتێ کە هەوا بەتەنها بەس نی‌یە» لە ساڵی ١٩٤٥ نووسیویەتی .

کۆمەڵە شیعری ئەندرییف (چەند گۆرانییەکی فیداکارانە) – ١٩٤٧ .

کۆمەڵە شیعری ئەفادییا (چەند یاداشتێکی شۆرشگێرانە) ١٩٤٩ .

ف . ی . زولیدنیف

پۆلۆنیا :

ئەدەبی بەرگریی پۆلۆنی بە بەشێك لە بەناوبانگترین ئەدەبی ئەورووپی دەژمێردرێ لەو مەیدانەدا . نووسەرو پیاوە شارەزاکانی پۆلۆنیا توانیان ١٤٠٠ چاپکراو چ رۆژنامەو چ کتێب بڵاوبکەنەوە ، سەرەرای هەموو ئەو بارە ناخۆش‌و تووشەو سەرەرای کردنەوەی چەندان گرتووخانەو لەسێدارەوانی چەندان لە رۆڵەکانی ئەو وڵاتە شیعر بەشی پێشەوەی کاروانی ئەدەبی گرتبوو و کۆمەڵە شیعری «گۆرانیەکی سەربەخۆ» ١٩٤٢ ، «گیانی سەربەخۆیی لە گۆرانیدا»

١٩٤١ «ووشەیەکی راستەقینە» ١٩٤٣ . . چەندانی تر نموونەی گەشی ئەم مەیدانەن .

شاعیرانی نەوەی پێشوو لەوانە ستان ، یاسترون ، دوبرو فولسکی‌و هی تر . . . هەروەها شاعیرانی نەوەی نوێ . . نەوەی دراماتیکی لەم چالاکییەدا هاوبەشیان کردو دەتوانین بڵێین کە بە شێوەیەکی گشتی شاعیری هەموو نەوەکان بە جۆرێکی زۆر سەیرو فراوان جموجوولیان تێ‌کەوت‌و لە شیعرەکانیاندا بابەتی نیشتمانی‌و سەرفرازی‌یان دەردەبڕی . بەتایبەتی بابەتی نیشتمانی یەکێك بوو لە سیفەتەکانی رۆمانسیەتی پۆلۆنی لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا . . کۆمەڵە شیعری «چەند هۆنراوەیەکی هەڵبژاردە» کە باگینسکی لە ساڵی ١٩٤٢ دا بڵاوی کردەوە لە هەموو پۆلۆنیا دەنگی دایەوە کە زۆر واقیعیانە بابەتی خەبات‌و داگیرکردن‌و ژانەکانی گەلی پیشان دەدا .

چەندان کۆمەڵە شیعری تریش دەنگیان پەیدا کرد وەکو «هەورە تریشقەی ئاسانی» کە گاتیسی نووسیبوی‌و «پەنجەرە» کە سترونیسکی بڵاوی‌کردەوە . لەو مادەیەدا چەندان رێبازی فەلسەفی‌و گاڵتەجاری سیاسی لە شیعری پۆلۆنیدا دەرکەوت ، کە هەموو خۆیان لە چوارچێوەی یەك سیفەتدا دەدیتەوە ئەویش نیشتمان پەروەری‌یە . بەڵام سەبارەت بە پەخشان ئەوە نووسینەو لێکۆڵینەوەی رۆژنامەگەریانەو کورتە چیرۆك لەسەر لاپەرەی رۆژنامە نهێنیەکاندا خۆی دەنواند کە سەرەتاکەی بۆ ساڵی ١٩٤٢ دەگەڕێتەوە . وە لەو نووسەرانەی لەو مەیدانەدا ناویان دێ . . براتنی‌و زوکروفسکی‌و کامنیسکی بوون . لە ساڵانی شەڕدا کۆمەڵێکی زۆری نووسەران پۆلۆنیایان بەجێ هێشت لەمانە فاسیلیفسکایاو باسترناك‌و شینفالدو بوترامینت . هەندێك لەمانە چوونە رێزی لەشکری پۆلۆنی کە لە دەرەوە دروست بوو بوو و دەوری خۆیان لە تێکۆشان دژی داگیرکەران دەگێڕا ئەو کۆمەڵە نووسەرە بەرهەمی جۆراوجۆر (لە شیعرو چیرۆك‌و شانۆگەری)یان بڵاوکردەوەو کۆمەڵە شیعری برۆنیفسکی شاعیر بە ناونیشانی «درەختی کەساسی» یەکێك لەو بەرهەمانەیە کە لە ساڵی ١٩٤٥ دا لە لەندەن چاپکراوە .

دیسانەوە شیعرە درێژەکەی «تۆفیم»یش (گوڵەکانی پۆلۆنیا) یەکێکە لە بەرهەمەکانی ئەو کاتە (کە لە ئەمریکادا بڵاوکرایەوەو بەڵام نەیتوانی ئەو وەختە تەواوی بکات‌و لە ساڵی ١٩٤٩ دا بەتەواوەتی بڵاوکرایەوە) . لە ئەدەبی پۆلۆنی ساڵانی شەڕدا زۆر کێشەی ئایدیایی‌و هونەری هاتەگۆڕێ کە بووە هۆی لە دایك‌بوونی ئەدەبێکی نوێی پۆلۆنی .

ئا . غ . بیوترو فسکایا

چیکوسلۆڤاکیا :

ئەدەبی بەرگری چیکوسلۆڤاکی گوزارشت‌و کاردانەوەی ئەو بزووتنەوە بەر فراوانە بوو کە جەماوەری گەل بەرامبەر بە دوژمنان بەرپایان‌کرد . هێزە داگیرکەرەکانی ئەوێ چەندان رۆشنبیری دیاریان لە سێدارەدا وەکو ڤۆچیك و فانگورا ، کراتوخفیل ، بولاگ ، گابیك ، فاتسلافیك ، کونراز ، ئورکس ،) .

ئەدەبی بەرگری لە چیکوسلوفاکیا ، کەوتبووە ژێر چاوەدێری رەسمییەوە بەڵام هەر لەو کاتەدا چەند چاپخانەیەك هەبوون کە بە نهێنی ئیشیان دەکردو رۆژنامەیان بڵاو دەکردەوەو شیعرەکانی گالاس کە لەو رۆژنامانەدا بڵاودەبووەوە دەنگی‌دایەوەو کە بانگی بۆ تێکۆشانی گەل دەدا . وە هەر بە نهێنی نووسینەکانی (ڤوتشیك) کە لە دژی فاشیزم نووسرابوون بڵاودەکرانەوەو هەر لە ساڵی ١٩٤٥ کتێبە بەناوبانگەکەی (راپۆرتێك لەژێر پەتی سێدارەدا) چاپ‌و بڵاوکرایەوە . بەڵام سەبارەت بەو ئەدەبی کە دەکەوتە ژێر چاوەدێری‌یەوە (الرقابة) ئەوە نووسەرەکان باسی مێژوو و سروشت‌و سەربردەی میللی‌و ئەفسانەیان دەکرد لە پێناوی ئەوەی کە بە شێوەیەکی ناراستەو خۆ هەستی نیشتمان پەروەری‌و بروا بە دوارۆژ دەربڕن . لەو نووسەرانە نیزفالێ ، سیفیرت ، گۆرا ، نیهان ، گرۆبین ، هەروەك غولان هەمان ئەو هەستەی بە رەمز پیشان دەدا هەروەها فانجۆر بەرهەمە پەخشانەکەی بە ناونیشانی (چەند تابلۆیەك لە مێژووی گەلی چیکی‌دا) بڵاو کردەوە ، وە چەند رۆمانێکی مێژوویی لەلایەن نۆڤی . . باس‌و . . . کۆیکادا نووسراو تراجیدیای ئەو قۆناغە مێژوویی‌یە لە شیعرەکانی ئۆرتین‌دا رەنگی دایەوەو هەستی رەش‌بینی بەسەر ئەو شیعرە چرو ئاڵۆزانەدا زاڵ بوو ، هەروەها هەستی تراژیدیانەی تێکەڵ بە وێڵ‌بوون بە دوای بیروباوەری نەمردا بووە رواڵەتێکی ئەو رۆمانە سایکۆلۆژیانەی کە رگیزاگ‌و خافلیگی رۆمان نووس بڵاویان‌کردوە بەڵام لە سلۆڤاکیادا ئەوە باری نووسەران زۆر سەخت‌و ناخۆش بوو چونکە میری ناوخۆ کە لەژێر چاودێری لەشکری نازیدا رەفتاری دەکردو دەی‌ویست دەنگی ئەو نووسەرانە بەلای خۆیەوە رابکێشێ . . ئەوانیش دەنگی نارەزاییان بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ دەردەبڕی‌و لە بەرهەمەکانیاندا گۆرانیان بە سروشت‌و نیشتمانیان هەڵدەگووت‌و بە جۆرێکی رۆمانسیانە وێنەی قارەمانێتی‌و مرۆڤی رزگاریخوازیان دەکێشاو بایەخیان بە نەریتی یاخی بوانەو هەندێ رووداوی شۆرشگێرانەی مێژووی نەتەوە دەدا ، هەندێ شاعیر کە هۆنراوەکانیان بۆ خەباتکردنی لە دژی داگیرکردن تەرخان کردبوو بە نهێنی بڵاو دەکردەوە لەوانە . . نوفومیسکی ،

کرال ، یەسینسکی ، سەمریك ، هتد . . زۆربەی نووسەرانیش لە راپەرینی نیشتمانی ی سلۆڤاکیادا لە ساڵی ١٩٤٢ دا هاوبەش بوونەو هەر ئەو راپەرینە گەشەکردنی دوابەدوای ئەدەبی سلۆڤاکی دیاری کرد .

س . ئە . شیر لایموفا

دانمارك :

نووسەرانی دانمارك زۆر کاریگەرانە لە شۆرشی بەرگریدا بەشداریان کردو لە ئەنجامی ئەوەدا تووشی چەوسانەوە هاتن و هێزی دەسەلاتدار کۆمەڵێکی لی گرتن وەك . . کیرك ، سیرفیگ ، ئەندرسن ، نیکسیو ، . . بەلام لەگەڵ ئەوەش دا لە چالاکی ی خۆیان دژی فاشیزم نەکەوتن . . کیرك لە گرتووخانەدا (سروودی هۆر سیریۆندا) و رۆمانی (کۆیلە)ی نووسی . سیرفیگیش لە وەختی خۆ شاردنەوەدا رۆمانێکی پر گالتەجاری دژی هێزی دەستەلادار بە ناونیشانی (ئایدیالیەکان) لە ساڵی ١٩٤٤ دا بلاو کردوە بەڵام (مۆنك)ی نووسەرو پیاوی ئایین چەند بەرهەمێکی بلاوکردەوەو تیای‌دا داوای یەکیەتی نیشتمانی دەکردو هێرشی دەبردە سەر هێزە کۆنەپەرستەکانی دانمارك ، بەرهەمەکانی بریتیە لە چەند کۆمەڵە شیعرێك‌و درامایەکی میللی بەناوی (نیلس ئەیبیس) کە لە ساڵی ١٩٤٢ دا بلاوی کردنەوە ، لە هەمان ساڵێشدا لە ئەنجامی چالاکی ی بەردەوامی دژی داگیرکەران‌دا لە سێدارە درا هەروەها (ئەبیل) چەند شانۆنامەیەکی نووسی کە داوای سووربوون دەکات لە تێکۆشان لە پێناوی سەرفرازیدا . وەکو شانۆنامەی (شاژن) ساڵی ١٩٤٣ . بەلام شیعری دانمارکی سەرەرای ئەو هەموو ئازارو خەمەی کە داگیرکەران لەگەڵ خۆیان هێنابوو پر بوو لە بابەتی نیشتمان‌و باوەر بە دوارۆژێکی رووناك . چەند کۆمەڵە شعرێك بلاوبوونەوە وەکو (لیوارەکانی دانمارك) و (شیعری دوورخراوەکان) کە (راسمۆسین) نووسیبونی هەروەك چەند رۆمانێکی مێژوویش کەوتە روو . . کە دەکرێ بە بازنەیەکی گرنگی ئەدەبی دانمارکی‌یان بژمێرین .

ی . پ . کۆبریانوڤا

فەرەنسا :

ئەدەبی بەرگری مۆرکێکی میللیانەی هەمە لایی پەیدا کردو لە ئەدەبی بەرگری فەرەنسەدا باشترین نووسەر بەشداریان کرد . ئەو ئەدەبە بە شێوەیەکی نهێنی زۆر پێشکەوت‌و چەندان چاپخانەی نهێنی دروست بوون وەکو «نیوە شەو» کە دی لیسکیورم دایمەزراندبوو هەروەها «پەرتووکخانەی فەرەنسی» هەر لە ساڵی ١٩٤٢ وە رۆژنامەی (لیتر فرانسیز) دەرکەوت کە زمانی لیژنەی نیشتمانی ران بوو و (ك . دیکور) دایمەزراندبوو (کە دوایی‌یەکەی گوللەباران کرا) . نووسەرانی فەرەنسە لەو رۆژە ناخۆشانەدا زۆر قوربانیان دا وەکو چۆن گابریل بێری لە سێدارە دراو . . گ بریڤۆ . . لە شەردا شەهید کراو . . ر . ویسنوس لە گرتووخانەوا مرد . نووسەرانی فەرەنسە چەندان بەرهەمی هونەرییان لە شیعرو پەخشان‌و ئەدەبی شانۆگەری بلاوکردەوە . لەمەیدانی شیعردا کۆمەڵی شیعری وا بلاوبوەوە کە بەرهەمی چەند شاعیرێك بێ پێکەوە وەکو «نامووسی شاعیرەکان» ١٩٤٣ «ئەوروپا» ١٩٤٤ وە زێری شیعرەکانی – هەروەك پۆل ئیلوار دەڵێ بۆ شۆرشگێرەکان بوو کە گرنگی‌دانیان بە (خود) رەت‌دەکردەوەو کەمتر بایەخیان بە روخسار دەداو ئەو شیعرانە بۆ بەرژەوەندی زۆربەی گەل تەرخان کرابوون ، ئەوەشیان بە تەواوی لە شیعرە ناسك‌و دڵتەزێنەکانی پۆل ئیلوار خۆیدا بۆ دەردەکەوێ لە دیوانی «شیعرو زولال» دا (١٩٤٢) هەروەها «روو بەروو بوونەوە لەگەڵ ئەڵمانەکان» ١٩٤٢ – ١٩٤٥ دیسان ئەو رقە پیرۆزەو ئەو بانگەوازە پر حەماسەتە لە شیعرەکانی (ئەراگون) دا دەبینین بە نموونە دیوانی «چەقۆیەك لە ناو دڵدا» ١٩٤١ (چاوی ئەلندا) ١٩٤٢ (بانوبتیکون) ١٩٤٣ (رۆژهەلاتی فەرەنسی) ١٩٤٥ هەروەها لە شیعرەکانی مۆسیناك ، دیسنوس ، بریڤیر ، لە ساڵی ١٩٤٢ «گۆرانی ی شۆرشگێرەکان» کە دریون‌و کیسیل پێکەوە نووسیبویان لەناو زۆربەی خەڵکدا دەنگی دایەوە .

بەلام لە مەیدانی پەخشاندا ئەراگون‌و موریاك‌و کامۆ بە نووسین دژی فاشیزم رۆڵی خۆیان دیت‌و مۆریناك کۆمەڵە بەرهەمێکی بلاوکردەوە کە بە ئەدەبی بەڵگەنامە (وثائق) دادەنرێ . لەوانە «یاداشتی گیراوێکی سیاسی» ١٩٤٥ . هەر

لەم جۆرەش ئەمپیریر «پشوودانی مەزن»ی نووسی‌و (بلوك) ئەو نووسینانەی خۆی کۆکردەوە کە لەکاتی شەڕدا نووسیبوی‌و بە ناونیشانی (لە فەرەنسەی داگیرکراوەوە بۆ فەرەنسەی چەکدار» لە ساڵی ١٩٤٩ دا بلاوی کردەوە .

(فیرکور) لە چیرۆکەکانیدا وێنەی قارەمانێتی‌و شۆڕشگێرەکان دەگرێ ئەمە هەر وەکو لە کۆمەڵە چیرۆکی «بێدەنگی‌ی دەریا» ١٩٤٢ دا هاتوەو واقیعی کۆمەلایەتی ئیستاتیکی تێکوشان بە هەموو دووریەکانییەوە لە بەرهەمەکانی نایان «یاریەکی نامۆ» وبۆریا «گوندەکەم لە ئاقارەکانی ئەڵماندا» وسیمون دی بوڤوار (خوێنی نامۆ) دا رەنگی دایەوە . بەلام لەبابەت شانۆوە ئەو رەخنەی دژ بە سیاسەتی تۆقاندن لە شانۆ نامەکانی ئانۆی (ئەنتیفونا» و سارتەر «مێشوولە» و کامۆ «کالیگۆلا» دا خۆی نواند .

ئەدەبی بەرگری فەرەنسی بە بازنەیەکی گرنگی نەپچراوی پێشکەوتنی ئەدەبی فەرەنسی هاوچەرخ دادەنرێ بەرەو رێگە گرتنی ریالیستی‌و نیشتمان پەروەرانەیدا .

ف . س . نارکیریر

نەروێج :

زۆربەی نووسەرانی نەروێج رێگەی نارەزایی دەربرینیان بە شێوەیەکی هێمنانە هەڵبژاردبوو . لە نێوان پێنج ساڵی تەواودا هیچ بەرهەمێکیان بلاونەکردەوە و هەندێکیان وولاتیان بەجێ هێشت وەکو «ئوسنیت‌و کروگ» بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ چاپخانەی نهێنی هەر دروست بوون کە چەند شیعری گریگ‌و وریس – ئەندرسن‌و ئیفرلان‌و زۆرانی تر بلاوکردەوە . گریگ چەندان نووسینی لە رۆژنامەو بلاوکراوە نهێنیەکان‌دا بلاوکردەوە کە لە ساڵی ١٩٤٥دا لەژێر ناوی «ئالا» دا کۆی کردنەوەو چاپی کردن ، هەروەها کۆمەڵە شیعری (سەربەستی) یش خستە بەردەست بەلام ئیفرلان لەبەر بەشداری‌کردنی لە بزووتنەوەی بەرگریدا خرایە گرتووخانە ، ریس – ئەندرسن بۆ سویسرا هەلات و لەوێ لەگەڵ شاعیرە نەروێجیەکانی تردا دەستی بە شیعر هۆنینەوە کردو بە تایبەتی لەگەڵ د . هاغیرۆب‌و کە شیعرەکانیان نیشتمانی‌و بانگی بۆ خەباتکردن لە دژی داگیرکەران داوەداو چەند کۆمەلە شیعرێکی چاپکردو بەنهێنی بۆ نەروێجی دەناردنەوە .

لەمەیدانی رۆماندا چەند نووسەرێك چەند رۆمانێکیان لەسەر خەبات و ژیانی گەلی نەروێجیان نووسی کە تیایدا چەمکی مرۆڤی خەباتگێری دەدا بەدەستەوە . لەوانەش رۆمانی (بۆرگین) (هاوین)نی‌یەو نابێ لە ساڵی ١٩٤٢ هەروا رۆمانی (ماڵ) لە ساڵی ١٩٤٥ هەروەها چەند رۆمانێکی مێژوویی بلاوبوونەوە .

ل . گ . گریگوریفا

هەنگاریا :

ئەدەبی بەرگری هەنگاری یەکەم جار زۆر پێش‌کەوتوو نەبوو بەلام ئەو بارو دۆخەی کە شەڕو سیاسەتی تۆقاندنی کۆنە پەرستانە دروستیان کرد و ئەو بیرو باوەڕە توندو تیژەی دژ بە فاشیزم لە زۆربەی ئەو بەرهەمانەی کە لە نێوان ساڵانی ١٩٣٩ – ١٩٤٥ دا بلاوبونەوە رەنگی دایەوە شیعر لەو مەیدانەوا رادیکالیانە بوو وە بۆ نموونە ئەو شیعرانەی کە رادنوش لە گرتووخانەی نازی‌یەکاندا نووسیبوی زۆر بە ئاشکرا دەست بۆ ئەو رووخان‌و دارمانەی کە شوێنەواری شەر بوو درێژدەکاو تێیدا داوای خەباتگێران دەکا . . بەلام شیعرەکانی گیبرش ولوکاش بە ئازار هەڵئاوسابوون‌و پڕبوون لە گیانی یاخی بوون و رەت کردنەوە .

دیسان گیراش دیوانێکی شیعری لە ساڵی ١٩٤٢ – ١٩٦٧ دا بە ناوی (دانوب لە ئازاردا دەتلێتەوە) بلاوکردەوەو ماداراس‌و فولدیاك و زیگموندو فودور و شاعیرانی دیکە هەر بەو رێبازەدا رۆیشتن بەلام سەبارەت بە پەخشانی هونەرییەوە ئەوە زۆر نووسینی دژ بە فاشیزم کەوتنە روو وهکو ئەو نووسینانەی خامی لوکاش نووسرابوون و ئەو چیرۆکانەی کە گابوری چیرۆك نووس بلاوی کردنەوەو هەر وا ئەو بەرهەمانەی کە نووسەرانی هەنگاری لە دەرەوە بلاویان کردەوە .

و . ك . روسیانۆف

هۆڵەندە :

ئەدەب بە گشتی لە ساڵانی داگیرکردندا دەنگی زۆربەی

گەل بوو و زۆربەی نووسەران دەستیان لەگەڵ دەزگاو رۆشنبیریەکانی بەرێوبەرانی ئەڵماندا تێکەڵ نەکردو پەنایان بردە بەر ئیش‌کردن بە نهێنی ئەو شیعرو کورتە چیرۆکانەی کە لە دژی رژێمی نازی نووسرابون هەر بە چاپی دەستی چاپدەکران و بە نهێنی بڵاو دەبونەوەو شاعیران رۆڵێکی دیاریان لە ئەدەبی بەرگری هۆڵەندەدا گێرا .

لە ساڵی ١٩٤٣خوێندکارەکانی زانکۆی ئەمستردام کۆمەڵە شیعرێکیان (کە شەش جار لە چاپ درایەوە) بڵاوکردەوە کە بە شێوازی گۆرانیە گەرمەکانی چەرخی نۆزدەهەم نووسرابوون بەڵام پڕبوون لە ناوەرۆکی سیاسی بە هێزو هاوچەرخ .

م . یەنهاوەری شاعیر زۆر چالاکی نواندو چەندان کۆمەڵە هۆنراوەی وەکو (بۆ شەهیدەکان) و (ئێمە ئازادین) بڵاوکردەوە . بەڵام کابرت (ئەو کەسەی کە زۆری ژیانی لە گرتووخانەدا بردەسەر) لە ساڵی ١٩٤٣ «سروودی ئەو هەژدە شەهیدەی کە ملیان کرا بە پەتا) ی بڵاوکردەوەوە کە دواییەکەی برە سروودی نیشتمانی ساڵانی داگیرکردن هەروەها . . هورنیك . . دینکیرین . . دونکر خاوەن هەڵوێستو دەناگی خۆیان بون .

سەبارەت بە پەخشان ئەوە ئەو بەرهەمە هونەریەی کە پیّی دەووترا «یاداشتەکانی ئانا فرانك» ئەوە لە جیهاندا ناوبانگی پەیداکردو بوە تۆمارێکی قۆناغی ساڵانی داگیرکردن .

دیسانەوە رۆمانی دیکیر بە ناونیشانی (لەژێر پێلاوەوە) ١٩٤٥ بە یەکێك لەو بەرهەمە باشانەی ساڵانی شەر دەژمێردریّو کە لە دووتوێیدا زۆربەی رووداوەکانی پێش جەنگو ساڵانی یەکەمی جەنگەکە تۆمار کرابوو . رۆمان توانی زۆر ریالیستیو هونەریانە وێنەی ژیانی زۆربەی بەشەکانی کۆمەڵ بگریّ .

ی . ف . فولیفیگ

یۆنان :

یەکێتی نووسەرانی یۆنان توانی بەشداریەکی کاریگەرانە لە بزوتنەوەی بەرگریانەدا بکات . شیعری سیکیلیانوس (سەرۆکی یەکیەتی) و لە شیعرەکانی فارنیلیس ، رێسوس . فریتاکوس ، ئیلیتش ، سیفیریس ، ئەنگولیس و چەندانی تر بەدەست دەنووسرانەو بڵاو دەبونەوە یان هەر پەنجا تا سەد دانەیان لیّ چاپ دەکرا .

شیعرەکانی کارفونیس‌و نابادکاو روناس ببوونە گۆرانی شۆرشگێرەکان و هەر لە ساڵی ١٩٤٢ وە ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە لە ناوچە ئازادکراوەکان‌دا چاپ‌دەکران شیعرو کورتە چیرۆکیان بڵاودەکردەوە . . لە ساڵی ١٩٤٥ دا رۆمانی کورناروس بە ناونیشانی (گرتووخانەکانی نازی) کەوتە بەر چاوان و کە تێیدا باسی هەڵوێستی قارەمانانەی نیشتمان پەروەران لە گرتووخانەکاندا دەکات .

هەر لە هەمان ساڵدا (خاسدیس) بەرهەمێکی بە ناوی (ئاگر) بڵاوکردەوە کە بۆ تێکۆشانی هێزی رزگاریخوازی ونیشتمانی تەرخان کرابوو . . نەریتی شۆرشگێرانەو بەرگریانە ببوە سیفەتێکی سەرەکی ئەو ئەدەبە یۆنانیەی کە لە دوا بەدوای چلەکانەوە تا حەفتاکانی نووسرا .

(یانیس موگاس)

پەراوێز :

١ — لە ووشەی فەرەنسی Decaeuce هاتووە کە بە مانای رووخانو دارمان و تیّ‌شکان دیّ . بەر هەموو دیاردە شکستیانە دەگوتریّ کە بەرەو کولتوری ئەوروپی لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەم تا سەرەتای چەرخی بیستەم داهات کە بوە هۆی زالّ بوونی هەست بە تیّ‌شکاندو رەشبینی و خنکانەوەو بێزاری لەژیانو دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵ .

٢ - لە ووشەی ئیتالی Poes iaermetica هاتوە رەوتێکی ئەدەبیانەیە کە واقیع رەت‌دەکاتەوەو هێز دەداتە بەر ژانەکانی خودی بۆ ناو جیهانی ناوەوەی تاك شۆر دەبێتەوە . لە بیستەکانو سی‌یەکانی چەرخی بیستەم لە ئیتالیادا بلاوبوەوە .

لە ژمارە (٤) ی ساڵیّ ١٩٨١
گۆرینی بۆ عەرەبی

کۆڤاری (الثقافة الأجنبية) – ژمارە (٤) ساڵی ١٩٨١ وەرگێردراوە .
کۆرینی بۆ عەرەبی : د . ضیاء نافع